# سەدام حسین زۆر لەوە تاوانبار ترە!

**هیدایەت مەلا عەلی**

تەمەنی دەسەلاَتە ڕەشەکەی بەعس و سەدام بە چەند دەیەیەك دەژمێردرێت , ژمارەی قووربانیەکانی دەستی ئەم ئینسان کوژانە بە سەدان هەزار مەزەندە دەکرێت , تاوانە نوسراوەکانی ئەم تاوانبارانە بە چەند تەن لە لاپەڕەو کاغەز باس دەکرێت , ڕاگەیاندن و گۆڤار و بلاَوکراوەکان بەشی زۆری کات و بەرهەمەکانیان بۆ نیشان دانی کارە دێوەزمە ئاساکانی سەدام و هاوکارەکانی تەرخان دەکات , ئەم تاوانبارانە ژیانی خەڵکی کوردستان و عێراقیان کردە ڕۆمانێ کە هیچ دەرهێنەرێك نەتواتنێت بیکاتە فلیم و نیشانی بدات , خەڵکی عێراق و کوردستان حەفتا ساڵ یان دەوێت بۆ ئەوەی پشووی سی‌و پێنج ساڵ دەسەلاَتی ئەم جانەوەرانەی سەدەی بیستە بدەن , من جارێك بۆ سەردانی زیندانیەکی خزمان چوومە یەکێك لە زیندانەکانی بەغداد لە سالاَنی هەشتاکان خزمەکەمان کەسێکی عەرەب زمانی نیشان دام و پێی ووتم بە ڕەئی تۆ ئەو کەسە بۆ چی زیندانی کراوە , منیش هەندێك شتم ووت بەلاَم وانەبوو دواتر خزمەکەمان ووتی ئەو کەسە شەو لە خەوی دا سەدام حسەینی بە مردووی دیووە بەیانی ئەم خەوەی بۆ چەند کەسێك گێڕاوەتەوەو ئەم قسەیە گەشتۆتەوە دەم بەعسیەکان و گرتوویانە و دە ساڵ حووکمیان داوە , ئەم دەسەلاَتە ڕەشەی سەر ژیانی خەڵکی عێراق و کوردستان دەستی سەرکووتی بردبووە ناو خەو بینینی خەڵکیش تەنانەت لە گێڕانەوەی شتێك کە ڕوودانی لە ئیرادەی خۆشتا نەبووە ئازاد نەبوویت کەس بە خەیاڵی دا نەهاتووە ئەگەر ئەم تاوانبارانە ڕۆژێك لە ڕۆژان دادگایی بکرێن و بچنە قەفەزی تاوانباریەوە وەك ئێستا لە سایەی ئەم هەل و مەرجەدا دادگایی کردنیان بەم جۆرە بێت , کە بە ڕەئی من نەك قەفەزێك بۆ تاوانبار بوونی ئەمانە بەڵکوو دەبێت هەموو عێراق و کوردستان وەك قەفەزێکی گەورەی تاوانەکانی ئەم تاوانبارانە بە حیساب بێت , خەڵکی کوردستان و عێراق لە ڕوانگەی ئەو هەموو کوێرەوەری و مەئساتانەوە سەیری دادگای سەدام و سەرانی بەعس دەکات کە بەسەریان هاتووە , نەك ئەو سیناریۆیەی کە ئێستا بۆ ئەم دادگایەیان بەرێ خستووە , دوور لە چاوی خەڵك ,دوور لە ڕاگەیاندنی ئازاد و فراوان , دوور لە ئۆرگانی شەرعی لای جەماوەر ,دوور لە نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵك ,تەنانەت ئەم دادگایە بە جۆرێك مەهزەلەیە کە تاوانبارانی وەك سەدام و عەلی کیمیای شانازی بە قەتڵ و عامێکەوە دەکەن کە دەرهەق بە خەڵك ئەنجامیان داوە , هەروایە دادگایەك کە لەلایەن دەستەو تاقمێکەوە بەڕیوە دەچێت کە دەسکەلای دەسەلاَتە داگیرکارەکەی ئەمەریکان و خەریکی جێخستنی هەمان جۆر لە دەسەلاَتی پێشوون بەلاَم بە ناوی تازە و ڕابەری تازەوە ,دادگایەکی وا بۆ ئەمانە هەر وا دەبێت دوور لە چاوو دەخالەتی خەڵك , چونکە ئەمانە دەزانن خەڵکێکی دەخالەتگەر لە دادگایی سەدام و سەرانی بەعس دا دەخالەت گەریش دەبن لە سەر ئایندەو چارەنووسی خۆیان , سیناریۆی ڕەشیش لە ناوەڕۆکدا خۆی بەمانای دوور خستنەوەی ئیرادەی خەڵکە لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆی دا بە پێچەوانەی کۆمۆنیزمی کرێکاری کە گێڕانەوەی ئیرادە یە بۆ ئینسانەکان , هەر بۆیە دادگایەك لەم چوار چێوەیەدا شکڵ بە خۆی بدات لەمە باشتر نابێت و دەورو حەزی خەڵکیش وەك سەرابێك دەمێنێتەوە , بەلاَم شەرت نی یە ئەمە بڕیاری خەڵکی کوردستان و عێراق بێت شەرت نی یە سیناریۆی ڕەش بەردەوام بێت , شەرت نییە بۆ پاراستنی دەسەلاَتی تازەی ئێستای عێراق خەڵك قبوولّی نهێنی بوونی دادگایی دیکتاتۆری وەك سەدام و سەرانی بەعس بکات, ئەم دادگایە شەرعیەتی نییە ئەم دادگایە وەلاَم بە ئارەزووە ئینسانیەکانی خەڵکی عێراق و کوردستان ناداتەوە ,ئەم دادگایە سارێژی برینە قووڵەکانمان ناکات کە لە جەستەی هەمووماندا هەیە , ئەوەتا زۆر بە ئاشکرا بەرهەم صالح دەڵێت خەڵکی عێراق مافی ئەوەی هەیە سەدام لە ناوو قەفەزی تاوانباری دا ببینێت ,بۆ ئەبێت خەڵك تەنها مافی بینینی دادگایی سەدامی هەبێت ئەی هەر ئەم خەڵکە نەبوو ڕووبار لە خووێنیان دروست کرا ,ئەگەر هەڵەبجە و ئەنفال و دەیان گۆڕی بە کۆمەڵ لە ناوەڕا ست و خواروی عێراق دەکەنە قووربانی سیاسەت و جێگاو ڕێگای دەسەلاَتەکەتان , ئەوە بۆ خەڵك وا نی یە هەر ئێستا خەڵك دەیەووێت شەڕی زیندان و حکوومەتە عەشایەر و ئیسلامی و قەومیەکەتان بکات بە دەیان شێوەی جۆرا و جۆر ,ئێوەش ئەتانەوێت بە دادگای نهێنی سەدام زەمانەتی دەسەلاَتی داهاتووتان بکەن ,دادگای سەدام و سەرانی بەعس ئومێدێکی گەورەی دڵی خەڵکە با نەیەڵێن ئەم ئومێدەمان ڕەش کەنەوە , سەدام و سەرانی بەعس زۆر لەوە تاوانبارترن کە بەم شێوەیە دادگایی بکرێن .

بەرەو دادگایەك کە بتوانێت دەورو دەخالەتی خەڵك مسۆگەر بکات

بەرەو دادگایەکی شەرعی

بەرەو دامەزراندنی کۆمەلگایەکی ئازادو یەکسان

بەرەو ژیانێك خالّی بێت لە سەدامەکان

با هەنگاو بنێین